# ڕووت

جهانبەخش عسار

لە فارسییەوە: شنە نووری

باشە دەیڵێم، مادام پێداگری دەکەی، باسی دەکەم، بەڵێ جەنابی دکتۆر ڕاست دەکەیت؛ ڕووت بووم. بەڵێ ڕووتوقووت. ئێ مەگەر چی بووە؟ چیم کردووە؟ بۆ خۆم ڕووت بووم لە دارستانەکەدا، چیتان لە خەڵک دەوێ، خۆ دزیم نەکردووە. بەڵێ لە نێوان درەختەکانی دارستانەکەدا.

ئێوەش حەزتان لە درەختەکانە؟ من زۆرم حەز لێیە. مرۆڤ، کە بە دارستاندا تێدەپەڕێت، هەست دەکات دارەکان دەستیان لەسەر سەری ڕاگرتووە. چ دەستێکی تووکنت هەیە. لە دارستاندا مرۆڤ کوێخای نییە، بێدەنگی بێدەنگە. لە شاردا هەمووان بە بەردەوامی دەیانەوێت دەست لە کارەکانت وەربدەن. بۆ نموونە وەک خۆت، لەوکاتەوەی، کە هێناویانم بۆ ئێرە بێوچان پرسیار دەکەی. بۆ تۆ چ جیاوازییەکی هەیە، کە من خۆمم ڕووت کردووەتەوە یان نا، ئەسڵەن بە تۆ چی؟

من هیوایەتم بۆنی سەبیلە، خۆ لەم پایپە پرۆفیسۆرییانە باشترە.

چی چی ڕۆتیک؟ ئیرۆتیک؟ چووزانم، خەریک بووم باسی چیم دەکرد؟ ئەها دەتەوێ باشم بکەیتەوە؟ من وای بۆ ناچم بتوانی. وا نەزانی، کە خۆت لە قوڕێکی بێکەموکوڕی دروست بووی. وای بۆ ناچم. چ خۆشییەکە؛ ڕووتوقووت، بەوجۆرەی، کە لە دایک... جوان...

چ سکرتێرێکی جوانت هەیە. بەڵێ، دڵم زۆر تەنگ بوو. پێم گوتی زۆربەی کات وام لێدێت، تۆ وات لێنایەت؟ حەزناکەی خۆت ڕووت بکەیتەوە و ئەم هەموو زبڵە لە خۆت وەدەرنێی دکتۆر؟ دەزانی هەندێک کات لە هەموو شتێک بێزار دەبم. دەمەوێت ڕابکەم بۆ شوێنێک؛ شوێنێکی کپ و هێمن، کە کەسی لێنەبێ، ئەگەر کەسێکیش هەبێت؛ یەکێک بێت، وەک ئەم سکرتێرە جوانەی لای تۆ.

چی؟ هەرچیم بەسەردێ بە هۆی ئێوەوەیە، چ قەنەفەیەکی نەرم و باشت هەیە، شەو هەر لێرە دەنووی؟

دکتۆر؟ بەڵێ، منیش پێم خراپ نییە لێرە بنووم. ڕێک وەک دارستان؛ چۆڵوهۆڵ بێکێشەوبەرە و بێکوێخا. باش خۆی لە تەل داوە، جگەرەش دەکێشێت، جوانە جوانە بەدڵنیاییەوە بۆ سینەماش دەچێت.

سەیر بکە، هەقم پێنادەی؟ سەیر بکە چ کەشێکی ناخۆشە، هەمیشە هەر وایە؛ دووکەڵ، دووکەڵ، دووکەڵ... دەی جلەکانیشم بۆنی دووکەڵی لێدەهات، دوور لە ڕووی ئێوە بۆنی میز...

زۆر ناشیرینن، پەردەکانیشیان دادەدەن، تۆ دڵت تونود نابێت؟ نەکا تۆش پەردەکانی ژوورەکەت دادەیتەوە؟

ئەها گوێ بگرە… بەردەوام دەنگی هۆڕن و هەراوزەنا… دڵم توند دەکات. هەمیشە دەنگەدەنگ لە گوێچکەکانمدایە. هەرگیز تەواو نابێت، شەو و ڕۆژ لێم ناگەڕێت، بە جۆرێک، کە ناتوانرێت دەنگی باڵندەکان ببیسترێت لە دارستاندا.
نیمە. نا برا ئەوە ژنم نییە، دەیەوێ خۆی بدات بە کۆڵما، بڕوای پێمەکەن. ڕاستییەکەی لەگەڵ یەکدا دەژین، بەڵام ژنم نییە. تۆ چی؟ خۆشت دەوێ؟ فێڵباز بە سکرتێرەکەتدا دیارە. عەشق؟ وازبێنە کوڕە، عەشق و مەشق هی کتێبەکانە.
لە دارستاندا مرۆڤ ئازادە. نازانی ئەودەمەی ڕووتوقوت بۆخۆت دەسووڕێیتەوە چەند خۆشە. دڵت توون نابێت. بۆ جارێک بڕۆ بۆ دارستان، وا بکە کەشێکت بۆ دەئافرێت هەر مەپرسە.
بەڵێ لە منداڵییەوە درەختەکانم خۆشویستووە، کە دەچمە دارستان هێمن دەبمەوە. بەردەوام بە پەرۆشم، حەز دەکەم بە بەردەوامیی بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، ئاخر لە ئەوێوە هاتووم، تۆ لە ئەوێوە نەهاتووی؟
نا بابە ناچار بووین بێین بۆ ئێرە، ڕاستییەکەی خەتای دایک و باوکمان بوو. هاتن بۆ ئێرە چی بوو؟ چووزانم، خەتای ئەوانیش نەبوو فریویان خواردو ، مەبەستم ڕاوێژکاری ئاغاکەمانە. زۆر زیت و زۆڵ بوو، دەیویست زەوییەکانیان لە چنگ دەربهێنێت. چ ڕۆژانێکی باشیان بەسەر دەبرد؛ بۆ خۆیان خۆشحاڵ بوون، هەموو شتێکیان هەبوو، عاشقی یەکتر بوون، لەم جۆرە عەشقانە نا، بەڕاست ئەم سکرتێرەی تۆ شووی کردووە؟
بەڵێ گوتم لە نێوان درەختەکاندا بۆ خۆیان بە ئارامیی دەژیان، نازانم بۆچی لە کەللەی دان، نانیان نەبوو ،ئاویان نەبوو، ئاوارە بوون و هاتن بۆ ئێرە چی بوو؟ ئەو کابرایە ڕاوێژکارەکە کەری کردن، هەر پەمپی دایکمی دەدا هەر وەسوەسەی بۆ دروست دەکرد، دەیویست لە موڵکەکەی ئاغا دەریان بکات، دەیوست ئاوارەی بیابانیان بکات.
چەندە سووروسپییە. مرۆڤ حەز دەکات بیکات بە قەپاڵێک، ئەی بابە سێوی سەر مێزەکە دەڵێم، چیت بە مێشکدا هات؟ گەر منیش بام دەمخوادرد. سووروسپیی و جوان بوو…
خەتای دایکمان بوو، خۆ باوکی بەدبەختمان لەم بەزم و بالۆرەیەی نەدەزانی. بەبەردەوام دایکم کلکەقوونێی دەدا، ئاخر ئەو ڕاوێژکارە سەگبابە هانی دایکمی دەدا ئەوەندەی بە گوێدا خوێند، کە ئاوەزی لەدەست دا.
چییان بەدەست هێنا؟ هاتوون بۆ ئێرە بۆ دروستکردنی شوێنێکی پڕ لە ئاژاوە، هەمووان بۆ پارووپەک نان خەریکن یەک دەکوژن، لەبەر چی؟ ئۆتۆمبێل ببینن؟ باڵاخانەی بەرز ببینن؟ مووشەک هەناردەی فەزا بکەن، بۆمب دروست بکەن؟ لە چەند خولەکێکدا، سی-چل هەزار کەس بکەن بە قەرەبرووت، پێکەنیناوییە نا؟
چاوەکانی مرۆڤ شێت دەکات. دەزانی؟ خەتای ڕاوێژکارەکەش نەبوو، هەمووی لەژێر سەری خودی ئاغاکەدا بوو، وەک بڵێی ئیتر تاقەتی دایک و باوکمی نەمابوو، لەوکاتەوەی بە بیریان بێت

لەلای ئەو بوون و لە ژێر سێبەری ئەودا بوون، پێدەچێت ماندوو بووبێت لەوەی، کە هەمیشە و بە بەردەوامیی ئاگاداریان بێت. ئەگەر حەزی نەکردبا نەیدەهێشت ڕاوێژکارەکەی فریویان بدات، نەیدەتوانی؟ تو گیانی من دکتۆر نەیدەتوانی؟
چی؟ دەی گریمان ئەوان هەڵەیەکیان کرد، شتێکیان خواردرد. خۆ ئەو دەیزانی، کە ئەوان هیچ خەتایەکیان نییە و ڕاوێژکارەکە فریوی داون، نەدەبوو تووڕە بێت. بەڵێ دکتۆر من پێموایە هەموو شت لەژێر سەری خۆیدا بووە. ئێستا دەتوانرێت چی بکرێت، هەمیشە هەر وایە، کەس گوناهی خۆی لە ئەستۆ ناگرێت. ئەو بێدەرەتانانەی، بە دەستی بەتاڵ فڕێ دایە ئێرە. چ زبڵدانێکە... دووکەڵ، دووکەڵ، دووکەڵ... ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێل. ئەسڵەن ئێمەیان هێناوە بۆ لای ئێوە بۆچی؟ بۆچی ڕووتوقوت لە دارستانەکاندا دەسووڕێمەوە، بابە ماندوو بووم تێناگەی؟ بەردەوام بەم جلە تەسکانەوە بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە، ئەمە دەردی تۆشە دکتۆر، تا کەی دەتەوێ لەم کلینیکەدا دابنیشی و گوێ بۆ خەم و خەفەتی بڕێک گێلوگەوار ڕادێریت، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم پەرییە بەهەشتییەدا زۆریش خراپ نییە. لێم گەڕێ با بڕۆم. ڕەنگە منیش بچم لە دارستاندا پەرییەک بدۆزمەوە. لەوێ لەگەڵ یەکدا هێلانەیەک دروست بکەین و لەگەڵ یەکدا خۆش بژین. تۆش چاکەیەکم لەگەڵ بکە و کارێکم بۆ بکە، بڵێ چایەکم بۆ بێنن، گەرووم وشک بووە. هەڵەمان کرد برا ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە، بگەڕێینەوە بۆ ماڵی یەکەممان. دوور لە ڕووی ئێوە هێنێکمان خواردرد. بمبوورە دەی باوک و دایکمان شتێکیان خواردرد، ئێمە چ گوناهێکمان هەیە؟ بۆ دەبێت ئێمە باجی کارەکانی ئەوان بدەینەوە، بەڵێ دکتۆر گیان وەرە با بگەڕێینەوە، ئەم سکرتێرەش لەگەڵ خۆتدا بهێنە. لە دەستی ئەم مێشکپووچانەش ڕزگارت دەبێت. بۆچی دەشەلی؟ تووشی ڕووداوێک بوویت؟ پێت کورت بووەتەوە؟
بۆکوێ؟ ئاخر بۆچی؟ ڕووتبوونەوەیەکیش خەواندنی دەوێت؟ ئەگەر بەوجۆرە بێت پێویستە لە تەنیشت هەر حەمامێک شێتخانەیەک دروست بکەن. خۆ من شێت نیم، وازم لێبێنە برا پشووم بۆ چییە؟
ئەمانە کێن؟ یەک خولەک ڕاوەستن بزانە چی دەڵێم، ئاخر دەمبەن بۆ کوێ؟ بۆچی دەستەکانم دەبەستنەوە؟ دکتۆر، گیانی دایکت گوێم لێبگرە، تو خودا لێمگەڕێن.
دکتۆر... دکتۆر... دکتۆر...

سەرچاوە:

داستان های یکشنبه (سی و چهار داستان کوتاه)، پیش گفتار جمال میرصاقی، چاپ اول، چاپخانه: میهن-هنر، نشر مهناز، ۱۳۷۷.